# هوردە بۆرژوای گەندەڵ وچڵێسی کورد

# و

# پەنجا ساڵ فشەکوردایەتیی بێ ئەنجام (1958-2008)

ئەلمانیا: جەمال نەبەز

2008/10/10

کوردایەتی، کە بە مانای راستینەی خۆی، هەوڵدانە بۆ گەیاندنی تاکی کورد بە مافە سروشتییەکانی مرۆڤ و، بەر لە هەموو شتێك مافی ئازادی و، یەکسانکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری، لە ڕووی دەسەڵاتەوە، لە گەل کۆمەڵگە سەربەخۆکانی جیهان، ئامانجێکی بەرزو پیرۆزە، بەڵام ئەرکێکی یەکجار سەخت وگران وقوربانیویستە و، لەم پێناوەشدا و، بەو ئاواتەوە، تا ئێستە، بە ملوێن کورد تەفروتونەبوون و، بە ملوێنانیش دەربەدەر و ڕەهەندە و ئاوارە و هەژار وکەفتەکار کراون. لێ، هەر ئەو ئامانجە پیرۆزە، لە لایەن چینی هوردە بۆرژوای کوتەخوێندەواری چڵێسی کوردەوە، کراوە بە هۆیەك بۆ بازرگانیکردن بە چارەنووسی نەتەوەی کورد ومشەخۆری ومێردەزمەیی وکەڵەگایی بە سەر ڕەشوڕووتی کوردستان و، کپکردنی هەموو دەنگێکی ئازادیخوازانە و، شکاندنی هەموو پێنووسێکی ڕەخنەگرانە.

بێگومان، هەموو سیستەمێك کە لە سەر بنچینەی زۆرداری وملهۆڕی دامەزرابێ، ناتوانێ خۆی ڕابگرێ، ئەگەر پشتیوانی نەبێ، ئەمەشی بە تەنێ و لە هەموو کاتێکدا، بە هێزێکی دەستوەشێن بۆ ناچێتەسەر، بەلکو پێویستی بە دەستەیەك خوێندەواری هەلپەرەست و کوڕی ڕۆژ وماستاوکەر و خاپێنەرو درۆزن وبوختانکەر ودووڕوو و بێشەرمیش هەیە، کە لە ڕێی فشەکوردایەتییەوە، هەموو جۆرە خەوش و ناتەواوی و ناڕەوایەتییەکی بۆ داپۆشن و، هەموو شکست وژێر کەوتنێکی، بە سەروەری و سەرکەوتن بۆ لە قەڵەم بدەن و، هەموو نەزانی و کورتبینی و هەڵەیەکی، بە نرخی "بلیمەتی" و "سیاسەتزانی" بۆ بفرۆشن و، چاو لە هەموو گەندەڵی وبێدادییەکی بپۆشن. هەر لە ئەنجامی ئەم بازرگانییە بێڕەنجەوە، کە لە ڕۆژگاری ئەوڕۆی کوردستاندا، خۆی لە پەنای حیزبحزبێنە و پەرستنی کەسایەتی و، فشەکوردایەتییەوە حەشارداوە، هێندێك لەوانە کە تا دوێنێ بوو بۆ شێوی شەو لە تەنگاویدا بوون و، وەك کوردەکە دەبێژێ "کێچ لە گیرفانیاندا سەوزەڵەگیانمی"، دەگوت، ئێستە بوون بە مووچەخۆری پلەیەك وهێندێکیشیان گاڵتە بە ملوێنە دۆلار دەکەن.

پاش ئەوەی وتارەکەم "قسە هەزارە وهەر یەکێکێشی بە کارە /کوردستان پێویستی بە گۆڕینێکی بنچینەیی پێکهاتە ورەوتی دەسەڵاتە" لە ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە" وچەند ماڵپەڕێکدا بلاوکرایەوە، ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەرەوەکان و، هەر یەکە بە جۆرێك، پیرۆزباییان کرد لێم، بەڵام قسەکانم، ئەگەر چی لەو پەڕی دڵپاکی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی ویژدانەوە خرابوونە سەرکاخەز، بە دڵی دەسەڵاتداران نەبوو، کە لە داخی ئەمەو، وەك ئەوروپاییەکان دەبێژن "بە فەرمانی مفتی"، کاك نەجات حەمید ئەحمەد، کە تازە بە ئاگا هاتووە و، کەوتووەتە باسی ڕەحمەتی مەلا مستەفای بارزانی، وتارێکی بە نێوی "ئایا لە سیاسەتدا راستە قسە هەزارە و یەکی بە کارە؟ نقوم بوون لە نیۆ وەهمی رۆشنبیری"، نووسیوە وبە ئاشکرا دەربیڕیوە دژی ئەوەیە کە من "ئامۆژگاری و سەرزەنشتی"ی سەرکردایەتیی کوردم کردووە، چۆنکە ئەو،

ئامۆژگاری ورەخنە بە تاوان دەزانێ، لە کاتێکدا کە رخنەگرتن وپێشنیازکردن بۆ چاکسازی، مافی رەوای هەموو مرۆڤێکە. سەندنەوەی ئەو مافە لە خەلك، رەوشتی فاشیستەکان و تایبەتکارێکی فشەکوردایەتییە.

کاك نەجات، وەك رووپامالییەکی درەنگکات بۆ رەحمەتی مەلا مستەفای بارزانی، لە دژی ئەوەی من گوتوومە مەلا مستەفا هەلاتووە بۆ یەکێتیی سۆڤێت، وەك ئەوەی کفرم کردبێ، دەبێژێ: "ئەوەی تۆزقالێك ویژدانی بجووڵێ وریز لە مێژووو کەسایەتییەکانی مێژووەکەی بگرێ، ئەو راستییە دەزانێ کە تەنها مانەوەی مەلا مستەفای بارزانی پاش رووخانی کۆماری مەهاباد، خۆی لە خۆیدا، مانەوەی رۆحی مەهاباد وبیری سەربەخۆیی کوردستان بوو...."

ئەگەر لێرەدا، واز لەوە بهێنین کە کۆماری کوردستان بە " کۆماری مەهاباد" دەداتە قەلەم، ئەمەش رادەی "رێزگرتنی لە مێژووەکەی" دەخاتە روو، دەبێ ئەوە بێژم، کاتێك کە بەرەی رۆژاوا، مەلا مستەفای بارزانییان نێو نا بوو "مەلا سۆرەکە" وبە "نۆکەری سۆڤییت"یان دادەنا، هەر جەمال نەبەز بوو کە بە بەلگەی زانستانە وەرامی دەدانەوە. ئەوەش بێ هیچ چاوەڕوانی وهیچ جۆرە داخوازییەك، لە هیچ بنەماڵە و هیچ لایەنێك و، تەنێ وتەنێ لە پێناوی وتەی هەق و کارێکی بابەتانەدا.

سەمیناری "کوردستان وشۆرشەکەی" کە لە ساڵی 1971 دا بە زمانی ئەلمانی پێشکێشمکردووە ولە 1972دا چاپکراوە و، بووە بە سەرچاوەیەکی لێکۆلێنەوەی کارەزانستییەکان و، وەگێرانە کوردییەکەشی لە 1985وە چاپکراوە ولە چەند ماڵپەرێکیشدا هەیە،بەلگەنامەیەکی درەخشانە بۆ ئەمە. ئەمەش، بێ هیچ چاوەڕوانییەك لە بنەماڵە. هاوبیری هێژا جەوادی مەلا، قسەیەکی نەستەقی هەیە دەبێژێ: "مرۆڤی باش دەبەخشێ، داخوازیی بۆ خۆی نییە".

راستە، مەلا مستەفا وپێنجسەت پێشمەرگەکەی لە گەلی بوون، بەربەرەکانێیەکی ئازایانە وبوێرانەیان بەرامبەر لەشکری ئێران وترك وعێراق کرد، بەلام لە ئەنجامدا ناچار بوون بە هەلاتن بۆ یەکێتیی سۆڤێت. "هەلاتن" وشەیەکی کوردییە بۆ بەجێهێشتنی شوێن ورووکردنە شوێنێکی دی لە کاتی تەنگانەدا و، ئەمەش هیچ شەرم وشوورەییەکی تێدا نییە و، هی ئەوە نییە کەسێك بچێ نان وکەبابێکی پێوە بخوات، یان خۆی لە لای لایەنێکی دەسەلاتدار "شیرین" بکات. هەزاران وهەزاران مرۆڤی رۆشنبیر وزانا ونووسەر وراميار، لە ولاتی خۆیان هەلاتوون بۆ هەندەران و، کاری زۆر گرنگیان کردووە. لەوانە زەردەشت وسەحابەموسلمانەکان ولێنین وجەنەرال دیگۆل وئاینشتاین وکێ وکێ. ئەدی، یەکێتیی سۆڤێت وستالین، نامەی بانگێشتنیان ناردبوو بۆ مەلا مستەفا و پێشمەرگەکانی کە ببنە میوان لەوێ؟ خۆ کە ئەوان رووبانکردە ماڵی "خاڵە یۆسف" (وەك توودەییەکان، سۆڤێتی کۆنیان نێودەبرد) زۆر دوژمنانە هەلسوکەوت کرا لە گەڵیان. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هوردە بۆرژوای کورد، ساڵانێکیش دوای ئەوە، چەپلەیان بۆ ستالینی تێرۆریست ورژێمەکەی لێدەدا و، ئێستەش بۆ ئەمریکا وبەرەی رۆژاوا. ئەز، نە ئەورۆژە بە تەپلوزوڕنای سۆڤێت هەلدەپەڕیم و، نە ئەورۆژە و نە ئەمرۆش، بە تەپلوزوڕنای ئەمریکا وبەرەی رۆژاوا.

کاك نەجات رەخنەی لەوە گرتووە کە من سەرکردە کۆنەکانی کوردم –وەك شێخ مەحموود وقازی محەمەد ومەلا مستەفای بارزانی وشێخ سەعیدی پیران وسەید رەزا وعوسمان سەبری- بە سەرکردەی "ریسایی" نێوبردووە. لەمەشدا، هەر کوردینەزانی خۆی لە پال رووپالییەوە بۆ بنەماڵەی دەسەلاتدار پێشاندەدا.

ئەگەر نا، "رێسایی" لە "رێی ئاسایی" یەوە هاتووە، واتە: "رێ ورەوشی باو لە کۆمەلگەدا" کە بە زمانی

ئینگلیزی traditional وکلاسیك classic یش دەگرێتەوە. ئەمەش هیچ ناتەواوییەکی تێدا نییە. ئەز زۆر رێزم هەبوو وهەیە بۆ ئەو سەرکردانە و، کاتێکیش چوومەتە خزمەت شێخ مەحموود لە گوندی داریکەلی، بە نیازی کۆڵینەوە لە مێژووی رامیاریی کورد، لە بەهاری ژیانمدا بووم و، ئەو سەردەمە سەردەمێك بوو کە شێخ مەحموود، لە لایەن کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیا ودەوڵەتی داگیرکەری عێراقەوە دیل ودەستبەسەر کرابوو، بۆی نەبوو گوندەکەی بەجێهێڵێ و، بە کولەمەرگی دەژیا. کەچی هوردە بۆرژوای سەر بە رژێمی سۆڤێت، بە "پیاوی ئینگلیز" و "دەرەبەگ"یان دەدایە قەڵەم. شێخ مەحمووديش لە کۆڵێتەیەکدا دەژیا، کە کاك نەجات وهاوچینەکانی ناتوانن یەك شەو لە نێویدا ژیان ببەنەسەر.

بەڵام کە ئەز رێز لەم سەرکردانە دەنێم، مانای ئەوە نییە، وەك فریشتەی ئاسمان تێیاندەڕوانم. هیچ مرۆڤێك فریشتە نییە وبێ هەڵە نییە. مرۆڤیش کە کاریکرد، دیارە لە هەڵە وکەموکورتی بە دوور نابێ. ئەز وەك مرۆڤێکی زانستکار، هەردوو لایەنی راست وناڕاست، چاك وخراپ، دەگرمە بەرچاو. زانستکاری رەسەن، مامە حەمەیی بۆ کەس ناکات وبە تەمای خەڵات وبەراتی کەس نابێ.

لە باسی "ئاشبەتاڵ"دا، کە من بە کار مهێناوە، کاك نەجات جارەکی دی دەکەوێتەوە روو پاماڵی ودەبێژێ: "ئاشبەتاڵ ( سەخیفترین ) زاراوەی سیاسییە بۆ بە سەرهاتی زوڵمی دنیا وسیاسەت ونەوت وسنوور و پەیمان ومێژوو لە هەوڵە رۆحەکانی کورد لە پێناوی ئازادیدا...."

ئەگەر چاو بپۆشین لەم وشانە"بەسەرهاتی زوڵمی دنیا وسیاسەت ونەوت وسنوور و پەیمان ومێژوو" کەوا لە تەنیشت یەکەوە ریزیکردوون و، بە تایبەتی "هەوڵە رۆحەکان" کە مەگەر هەر خۆی بزانێ چییە، ئەوا دەبێ بێژم، "ئاشبەتاڵ" پربەپری ئەو کارەساتە بوو کە بە سەر شۆرشی ئەیلوولدا هات. ئەوانەی دەچنە ئاش بۆ گە نمهاڕین، چاوەڕوانی یەکێك دەکەن کە لە پێشیانەوەیەو، کە لێبووەوە، ئاشەوانەکە بە دەنگی بەرز دەبێژێ: "ئاشبەتاڵ"، "ئاشبەتاڵ"، واتە، ئاشەکە بەتاڵکراوە بۆ یەکێکی دی. هێزی چەکداری کوردیش، ئەو نێوچەیەی کە بە دەستییەوە بوو بەجێیهێشت وشوێنەکە بەتاڵ بوو بۆ لەشکری داگیرکەری عێراق وجێیگرتەوە. ئەوجا، ئایا سەرکردەکانی شۆرش، نەك هەر رەحمەتی مەلا مستەفا بە تەنێ، بەلکو ئەو هوردە بۆرژوایانەی کە لە شۆرشدا دەسەڵاتداربوون و، ئەمرۆش هەر دەسەڵاتدارن، ناچار بوون ئەو کارە بکەن، یان نا؟ ئایا دەیانتوانی بەربەرەکانی بکەن، سەرەڕای ئەوەی شای ئێران یارمەتی بڕییوولێیان یان نا؟ پاشان هۆی چی بوو کە کەوتنە ئەوبارەوە و، چ ئەزموونێك لەو کوێرەوەرییە فێربوون، ئەمانە هەموو پرسیارگەلێکن کە شێوای ئەوەن وتوێژبکرێ لە سەریان. بەڵام ئەوەی کە کاك نەجات دەبێژێ: "ئاشبەتاڵ" نەبووە، ئەوە دەون بە ئاشێکە، بە نیازی ساختەکارێتی لە مێژوودا. راستەخەلکەکەی کوردستانیش هەر بە ئاشبەتاڵ نێوی بردووە ودەبا. هەر ئەو ئاشبەتاڵەش بوو کە بوو بە هۆی هەرەسهێنانی شۆرش. بە سەتوبیستهەزار پێشمەرگەوە کەواتە وشەی ئاشبەتاڵ، نەك "سەخیفترین" زاراوەی سیاسیی نییە بۆ ئەو کارەساتە، بەلکو پاساو هێنانەوە بۆ گۆڕینی راستییەکی وا زەق، کارێکی نەك هەر سەخیفانەیە، بەلکو گەمژانە وساختە کارێتیشە لە مێژوو.

ئەز نەمگوتووە هەر کاژێك و جەمال نەبەز شت دەزانن، بەڵام ئەوەتا لە بەڵگەنامەکانی کاژێك دا کە پێشکێش بە رەحمەتی بارزانی کراون، بەڕۆنی وبابەتانە، هەڵوێستی شای ئێران وئەمریکا وبەریتانیا وپەیمانی سەنتۆ وچۆنێتی وهەندازەی هاوکاریکردنی ناچاری لە گەڵیان، پێشاندراون و، بە تاقیکردنەوەش دەرکەوت کە راستی راست بوون. بە تاقیکردنەوەی پە نجا ساڵیش دەرکەوت، ئەوەی حیزبە کوردزمانەکان سەریانلێیدەرناچێ، رامیاری ( سیاسەت ) یە.

کورت وکورمانجی: ئامانجی ئەم قسە لاوەکییانەی کاك نەجات ئەوەیە، نێوەرۆکی باسەکە و، ئەو رەخنانەی کە لە وتارەکەمدا لە سەرکردایەتیی کورد گرتوومن، بگۆڕێ بە بابەتێکی لاتەنیشتانە و، تێکشکانەکانی سیاسەتی سەرکردایەتیی هەرێم، کە لە ئەنجامی حیزبحیزبێنە وخزمخزمێنە وعێراقچێتی وگەندەڵی وکورتبینیی رامیاری وشاردنەوەی کێشەکان لە جەماوەری کوردستانەوە هاتوونەتە گۆڕێ، بە "سەرکەوتن وزیرەکی لە سیاسەتدا" و، بەکارهێنانی "تاکتیکی حەکیمانە" بداتە قەڵەم، ئەمەش بۆ ئەوەی خۆی بدزێتەوە لەوەی وەرامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە لە دووتوێی وتارەکەمدا دیارن. بۆ وێنە: بۆ چی تائێستە کێشەی بێ ئاوی وبێ کارڤایی وسووتەمەنی وژیاندنەوەی گوندەکان و، ئابووریی کشتوکاڵی وئاژەڵی جێبەجینەکراون، لە کاتێکدا بووجەی کوردستان لە بووجەی سووریا وئەردەن (هەردوکیان بە یەکەوە) پترە، بە شایەتیی رۆژنامەی "رۆژنامە" کە باش ئاگاداری بارودۆخەکەیە؟ بۆ چی تا ئێستە سێ وەزارەتەکەی هەرێمی سێستان نەکراون بەیەك، لەکاتێکدا کە لە نێوان پارتی ویەکێتی دا گوایە پەیمانێکی ستراتیژی هەیە؟ بۆ چی پارتی ویەکێتی و، پاش چەندان بەڵێن بە خەلك، چەکدارەکانیان نەکردووە بە یەك لەشکر، تا دژبەرەکانی کورد بە "میلیشیا" نەیاندەنە قەڵەم؟ بۆ چی بووجەی حیزبەکان ودارایی سەرکردەکانیان ئاشکراناکرێ، وەك لە هەموو سیستەمێکی دێمۆکراسیدا باوە؟ بۆ چی لیستی تاوانبارکراوەکانی گەلکوژیی ئەنفال، بۆ وێنە وەفیق سامەرایی، کۆنە راوێژکاری سەرۆککۆماری عێراق، نادرێ بە ئینتەربۆل؟ بۆ چی هاودەنگییەك نییە لە گەڵ مانگرتنی زیندانییە کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان؟ کوانی یارمەتیدانی کەسوکارانی ئەنفالکراوەکان وکوانی پشتگیریی پێشمەرگە دێرینەکان وماموستا خۆبەختکەرەکان وخوێندکارە گەنجەکان، لەو ملیاردانەی کە سەرکردایەتیی دوو حیزبەکە بە نێوی کوردەوە وەریاندەگرێ؟

بۆ چی لەو ملیاردانەی بە نێوی هەڵەبجەوە وەرگیران، هیچ بۆ هەڵەبجە نەکرا و، رەوشی هەڵەبجە لە جاران خرا پتر بووە؟

بۆ چی سەرکردایەتیی کورد رێژەی پارەی خۆ دەزانێ چەندە، بەلام سەرژمێرێکی کوردیان نەکرد، تا بزانرێ رێژەی کورد بەرامبەر عەرەب بە ڕاستی چەندە؟

بۆ چی سەرکردایەتیی کورد، تا ئێستە بەشێك لە قانوونەکانی سەردەمی سەددام بەکارتێنن؟/کوانێ دەستووری کوردستان؟

بۆ چی کوردستان کراوە بە سەربڕخانەی ژنان؟ بۆ چی عێراقی داتە پیویان دامەزراندەوە؟ بۆ چی لە جلەولا و قەرەتەپە هەروا بە ئاسانی پاشەکشێ کرا، پاش ئەو هەموو هەڕەشە وگوڕەشە وچاوسۆرکردنەوەو "هەڵوێستمان دەبێ" یە؟ دوایی دەشیا پێمان بلێ، ئایا دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق ولەشکری عێراق ورازیبوون بە گشتپرسی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی لە نێوە پتری سەرزەوی باشووری کوردستان و، نەگێڕانەوەی کەرکووك ونێوچەکانی دیکە، لە کاتێکدا کە دەسەلاتی ئەوەیان هەبوو، وەك کاری کراو، بیانگێڕنەوە، کە دوکتۆر بەرهەم سالح دانی پێدانا، هەروەها دەنگدان بۆ یاسای هەڵبژاردنی پارێزگەکان و، گوێرایەلیی کۆرانە بۆ هەموو فەرمانەکانی ئەمریکا وپشتگوێخستنی بریاری ئەنجومەنی پارێزگەی کەرکووك بۆ گێڕانەوەی ستانەکە بۆ سەر هەرێم، بەشێك بوون لە "بلیمەتی" و "حیکمەت" و "سەروەری" و "سەرکەوتن"ی کاربەدەستانی کورد، یان بەشێك بوون لە نووچدان وشکست و دەرفەت لە دەستدان، کە ئەز بە بەلگەوە پێش پەلاماردانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و، پاش پەلاماردانیش چەند جار وچەند جار، خستمە پێش چاوی سەرکردەکانی پارتی ویەکێتی، کە ئەو دەرفەتە لە دەست ئەدەن، وئێستەش ئەوەتە

برای بەڕێز نەوشیروان مستەفا لەم رۆژانەدا پشتگیریی ئەو بۆ چوونەم دەکات کە باسی دەرفەت لە دەستدان دەکات لەلایەن سەرکردایەتیی کوردەوە. باشە، کوانی بەرپرسیارێتیی ئەم هەموو هەڵە وشکستە ماڵوێرانکەرانانە؟؟؟

بەڵی، پرسیار هەزارە و، هەر یەك چارەسەریش هەیە بۆ کێشەکان، ئەوەش گۆڕینی پێکهاتە و رەوتی دەسەلآتە لە بنەڕەتەوە. لە کودەتای قاسمەوە (1958) تا ئەورۆ (2008)، ئەمە پەنجا ساڵە، چەند هەلێکی زێرین بۆ کورد هەلکەوت، بەلآم بە فشە کوردایەتی وتەفرەدانی کورد، هەموو ئەم هەلانە لە دەستدران. ئێدی بەسە ودەست لە یەخەی رەشوڕووتی کورد بەردەن، با ئەو گۆڕانە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە وشارستانییانە رووبدات و، ئەمەش لە بەرژەوەندیی هەموولایەکە، بە تایبەتی پارتی ویەکێتی.

کاك نەجات ئەوەش دەبێژێ: کە جەمال نەبەز "پەنجا ساڵە لە ئەوروپایە"، جارێ بەر لە هەموو شتێك، سەرکردەکانی شۆرشی ئەیلول بوون، بە تایبەتی دوکتۆر مەحموود سۆرانی کە ئێستەش کاربەدەستە، بەلآم ناچێتە ژێر هیچ بەرپرسیارییەك، دژی گەڕانەوەم بوون بۆ کوردستان، لە کاتێکدا لە 1969دا هەوڵی ئەوەمدا، رێم بدەن بگەڕێمەوە کوردستان بۆ نێو شۆرش، لێ ئەوان لە پلە و پایەی خۆیان دەترسان، لە کاتێکدا مەبەستی من خزمەت بوو، نەك پلە وپایە. پاش ئاشبەتاڵیش وتا ئێستەش، حیزبحیزبێنە وکورد کوژی وئەوجا، هێنانی لەشکری داگیرکەران بۆ هەرێم، رێی نەدا مرۆڤ بتوانێ بۆ چاکسازی رۆڵێك ببینێ. گەلێك کوردی کارلەدەستهاتووش چوونەوە کوردستان وبە پەشیوانییەوە گەڕانەوە وئەز ژی بە تەواوی دڵنیا بووم کە بواری چاکسازی لەم حیزبانەدا نییە.

دوایی، با بزانین، ئەز بێ ئەوەی هیچ حیزبێك وهیچ هۆزێك وهیچ دەوڵەتێك وهیچ هێزێکی چەکدار لە پشتم بێ و، سەرەڕای هەموو پاشقوللێگرتن ودوژمنایەتییەك بەرامبەرم، چ بەرهەمێکم هەبووە لە تاراوگەو ئاوارەییدا و، ئێوەیەکیش بەو هەموو چەکدار وبەو هەموو ملیاردە پارە وبەو هەموو پێوەندیی دیپلۆماسی وبەو هەموو تەلەفزێون ورادیۆ ورۆژنامانەوە، چ بەرهەمێکتان هەبووە؟ ئەوەی ئێستە ئێوە بەدەستانەوەیە، ئەنجامی راستەوخۆی هەلومەرجێکی نێونەتەوەیی ونێوچەیی وشەڕی کوێت وگەلڕەوی ملوێنی کوردە، نەك حیزبحزبێنەی ئێوە. خۆ ئەگەر ئەز، هیچ بەرهەمێکیشم نەبووبێ، ئەوە بەسە بۆم، کە نە لە پشت پاسدارەوە رۆیشتووم و نەسەددامم ماچکردووە ونە جاشێتیم کردووە ونە بە نانی کەس ژیاوم، ونە پێش مارینزەکانی ئەمریکا کەوتووم و نە زوڕنام بۆ رژێمی سۆڤێت لێداوە و، ونە بەشداریم لە شەڕی کوردکوژیدا کردووە، بەلکو نێوبژیشم کردوون، ئێوەیەك بەرامبەر رەخنەی رەوا ودلسۆژانەی من وئامۆژگاریی خێرخوازانەی من، ئاوا دوژمنانە وەستاون بەرامبەرم، کە دەستتان ناگاتە من، ئایا ئەگەر لە کوردستان بوومایە، دەمتوانی بکەومە چالاکی وبتوانم لەوێ بژیم. مەگەر ئەوەی ئاشبەتاڵم بکردایە، یان ببوومایە بە زۆڕنا ژەنی حیزبەکوردزمانەکان. ئەوەش کاری من نییە و کاری ئەوانەیە کە پەنجا ساڵە نان لە فشەکوردایەتی دەخۆن.

www.jemalnebez.com